

# سێبەر

**یالمار سوێدربێرگ**
**لە سوێدییەوە: کەریم تاقانە**
**(سوێد)**

نازانم داخۆ عاشقی ژیانم، یان ڕقم لێیەتی؛ بەڵام بە هەموو ویست و هەواوهەوەسێکمەوە توند خۆمم پێیەوە هەڵواسیوە، نامەوێ بمرم، نا، نامەوێ بمرم: نە ئەمڕۆ نە سبەینێ، نە ئەم ساڵ نە ساڵی داهاتوو.

لەگەڵ ئەوەیشدا جارێکیان، چەندان ساڵ بەر لە ئێستا، خەونێکم بینی، خەونێک کە وای لێ کردم خۆزگە بخوازم کە هەرگیز لە دایک نەبوایەم.

* * *

بە تاقی تەنیا بە شەقامێکی کڕوکپ و چۆڵوهۆڵدا دەڕۆیشتم، ڕۆژێکی سەرەتای بەهار بوو کە بەفر دەتوایەوە، دڵۆپە ئاوی سەربان، لە بەر هەتاو دەدرەوشایەوە. دەریاچەی بریقەدار، لەسەر شەقامەکە ساز دەبوو کە شینی دەنواند و دووکەڵکێش و سەربانی ماڵانیش، لە سۆنگەی ئاسمانێکی کەمڕەنگی بەهارییەوە، شین شینێک دەبریسکانەوە، ئەو هەوا بەهارییەی کە هەڵمدەمژی، بە لامەوە وەک دەرمان و سوکناییدەری ئەو خەمە نهێنییە بوو کە لەم کاتەدا، تەنانەت لە خەونیشدا، ڕوحمی ژەهراوی دەکرد، سەرەڕای ئەوەیش هەستم بە نیگەرانییەکی تایبەت دەکرد. داخۆ من هەر بە ڕاستی تەنیا بووم؟ هەستێکم هەبوو کە کەسێک لە تەنیشتمەوە ڕێ دەکا، بەڵام بە ڕوونی نەمدەبینی کێیە، چونکە بێ بڕانەوە نیو هەنگاوێک خۆی لە پشتمەوە ڕادەگرت؛ وەختێکیش جارێک ڕووم وەرگێڕا تا ڕوخساری ببینم، ڕێک ئەو کاتە خەریک بوو مشی دەکرد و بەو جۆرە بەشی زۆری ڕوخساری خۆی بە دەستەسڕەکە شاردەوە کە با هەڵیدەوەشاند، لە پڕ هەستم کرد بەو لای شەقامەدا دەڕۆم کە هەتاوەکە دەیگرێتەوە و دەیشکرا سێبەرەکەم بێ کە لەو ڕێگا سپییەدا دوام کەوتووە، من خۆم لە سۆنگەی ئەو هەوا بەهارییەوە تۆزێک هەڵامەتم تووش بووبوو، بۆچی تووشی

سێبەرەکەیشم نەبووبێ؟

پێشتر هەرگیز بە هۆی سێبەرەکەمەوە هەستم بە شەرمەزاری نەکردبوو، بەڵام ئەمڕۆ تۆزێک ئازاری دام، دەستکێشی نوێ و جلوبەرگم پۆشیبوون؛ بەڵام سێبەرەکەم خۆڵەمێشی و بێڕەنگ و هەژار دیار بوو، بۆچی سێبەرەکەم ڕێک لەم ڕۆژە خۆرتاوەدا دوام دەکەوت، کە دەڕۆیشتم هەتا چاوم بە کچێک بکەوێ کە عاشقیم؟

دڵبەرەکەم هاتە پێشوازیم، دەدرەوشایەوە و بزەی لەسەر لێوان بوو، بەڵام شتێکیش لە چاویدا دەبریسکایەوە کە دەتگوت دڵۆپەفرمێسکێکە! دوو گوڵی بە دەستەوە بوو، یەکێکیان پەمەیی و ئەوی دیکەیان سوور بوو، گوڵە پەمەییەکەی دامێ؛ بەڵام لە لای مەمکیدا سوورەکەیانی شاردەوە کە لاسکەکەی دڕکاوی بوو.

لێم پرسی:

– بۆچی گوڵەسوورەکەیشم نادەیتێ؟

وەڵامی دایەوە و بزەیەکی هاتێ:

– جارێک نا.

لە خەونەکەدا جۆرێک هاتە پێش چاوم دەتگوت گاڵتەجارییەکەی لەگەڵ بزەی ژنەکانی لیوناردۆدا وەک یەکن.

ویستم قۆڵی بگرم، بەڵام ئەو لە بەرانبەردا دەستی گرتم، ئیتر وەک دوو منداڵ، دەست لەنێو دەست، بە شەقامەکەدا شۆڕ بووینەوە، بە ئەنقەست لێ گەڕام بەو لایەدا بڕوا کە سێبەرەکەمی لێ بوو، بۆیە پێی پێدا نا و نەما.

*   *   *

بەڵام خەون خێراتر لە کات دەگۆڕێ.

شەقامەکە کە پێیدا دەڕۆیشتین، وەک تاوێک پێش بوو، هەمان خانووی دارین و باخچەی ئەودیو حەساری سوور، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا شەقامێکی دیکە بوو، چونکە هیچ بەفرێک لە گۆڕێ نەبوو و هیچ دەریاچەیەکی بریقەداریش کە شین دەچووەوە، بەهاری ڕاستەقینە هاتبوو، سپیدارەکان تەواو پشکووتبوون و دارگێلاسی باخچەی دراوسێکەمان خونچەی گەورە گەورەیان کردبوو، لە ناکاویش تاریک داهاتبوو؛ دەروازەکانی ئەو خانووچکانە، وەک کونی ڕەشی نێو تەمومژی سەرگەردانی خەون دیار بوون، پیرەمێردێکیش کە مەشخەڵۆکەیەکی بە دەستەوە بوو، بەو دەوروبەرەدا دەخولایەوە و لێرە و لەوێ چرای دادەگیرساند.

ئێمە لەنێو دەروازەی ماڵەکەمدا ڕاوەستاین، ئەوە ماڵێک بوو کە من منداڵیی خۆمم تێیدا گوزەراندبوو و ئێستایش سالانێکە لەگەڵ شەقام و باخچە و دارگێلاسەکاندا نەماوە، ئێمە لە زەردەپەڕدا ڕاوەستاین و بە چپە دواین و دەستی یەکترمان لاواندەوە؛ کاتیش لە ماچێکدا نوقم بوو.

لێم پرسی:

– ئەی گوڵە سوورەکە؟ ڕەنگە سیس بووبێ؟

وەڵامی دایەوە:

– نا، هێشتا سیس نەبووە، سەیری ئێرە کە، لە سینگم چەقیوە و خوێنی لێ هێناوە، حەزیش دەکەم بیدەم بە تۆ، بەڵام ناوێرم. نا، ناوێرم!

چاوی پڕ بوون لە فرمێسک، دوایە دەستی ڕاکێشا و گوڵەکەی لەبەر ئەو تیزماڵکی ڕووناکی زەردەپەڕەدا ڕاگرت کە لە دەروازەکەوە دەڕژایە ژوورەوە، خۆمم پێ ڕانەگیرا، بە هەردوو دەستم، دەستیم گرت و گوڵەسوورەکەم بە دەممەوە نووساند و ماچیم کرد.

سەرم گێژ بوو، هەردوو چاوم کەوتنە ڕێشکەوپێشکە و هەموو شتێکم لە بیر چوو، بەڵام وەختێک هاتمەوە سەر خۆم، ئەو، کە عاشقی بووم، دوورتر لەو چەند ساتەی پێشوو، لێمەوە ڕاوەستابوو، ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو و ئازارێک لەسەر دەمولێوی نەخشی بەستبوو، ویستم نزیک ببمەوە، بەڵام تۆ سەیر، ئەوکات سێبەرێک خزایە نێوان من و ئەوەوە، سێبەرەکە خۆڵەمێشی و کەمڕەنگ بوو و مۆر و نیشانی هەژاری بە نینۆکەکانییەوە بوو. ویستم پاڵێکی پێوە بنێم و لای بدەم، بەڵام ئەو لە من بەهێزتر بوو؛ لە حاڵێکدا زۆرانبازیمان بوو، من و سێبەرەکەم، خۆشەویستەکەم تا دەهات دەخزایە نێو زەردەپەڕی خەونەکەوە و دوور دەکەوتەوە.

لە دەروازەکەوە ڕۆیشتمە دەرەوە و سێبەرەکەیش دوام کەوت. لە دەرەوە چیدیکە بەهار نەبوو، زەردەپەڕی زستان بوو، بەفر تازە باریبوو و لەژێر ئاسمانێکی تاریک و خۆڵەمێشیدا بریقەی دەهات، بەردەوامیش دەباری، من چیدیکە ڕقم لە سێبەرەکەم نەبوو، چونکە پیر بووم و پشتم چەمابوو و هەموو شتێکم لە بیر چووبوو.

**ساڵی ١٨٩٨**

**سەرچاوە:**

**کۆمەڵەچیرۆکی Historietter، نووسینی Hjalmar Söderberg، ساڵی چاپ ١٩٦٥، لاپەڕە ٤٢-٤٥.**